کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 22:04بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سلێمانی... لە ژێر سایەی ڤایرۆسی گەندەڵیی تا ئەنفلۆنزای باڵندەو نەخۆشی کۆلێرا... راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

هاووڵاتیییەك: شاری سلێمانی لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستی کوردستانەوە بە توندیی سزا دەدرێت...

Shamzini79@hotmail. com

شاری سلێمانی لەو کاتەوەی بۆ یەکەمجار لەساڵی 1786لەلایەن میرەکانی ئەمارەتی بابانەوە دروستکرا بۆ پایتەختی میرنشینەکەیان مەڵبەندێکی سەرەکی بەگژاچوونەوە و شۆڕش بووە لەهەمان کاتدا دەروازەیەکی پڕ بایەخی سەرهەڵدانەکان بووە جگە لەوەی هەر لەسەرەتاوە بەشاری رۆشنبیریی و منەوەرەکان وداهێنان ناوبانگی دەرکردووە، لەدێرینەوە تا ئێستا سلێمانی دەڤەری خەباتکردن و گەشەو نەشونمای بزوتنەوە نیشتمانییەکانی کورد بووە و دانیشتوانەکەی لە پێشەنگی هەر بزوتنەوە و بەرخودانێکی سەربەخۆیخوازانەو کوردانەدا بوون.



هەموو ئەو مژدەبەخش و گەڕیدە بیانیانەی لەکۆن و نوێدا ئاشنای ئەم شارە بوون گەواهیی ئەوەیان بۆداوە سلێمانی پێشەنگ و پێشڕەوی شارەکانی تری کوردستان بووە، دابونەریت و کولتووری تایبەتی خەڵکی ئەم شارە جێگە سەرنجی هەریەك لەو بیانیانە بووە کە بەهەر هۆیەکەوە بووبێت رێگەیان کەوتووەتە ئەم شارە، هەر ئەمەش بووە وایکردووە سلێمانی وەك شار رەنگدانەوەی زۆری هەبێت لە کایەکانی هونەریی و رۆشنبیریی و ئەدەبی کە رەنگە ئەگەر بەوردیی لێیبکۆڵینەوە تایبەتمەندیی سلێمانی لەو رشتانەدا بەقووڵی و فراوانی بدۆزینەوە.

ئەم شارە کە ئێستا دانیشتوانەکەی لە یەك ملیۆن ونیو کەس تێپەریوە و یەکێکە لە شارە جەنجاڵ و زیندوو و پڕ جوڵەکانی کوردستان لەبەردەم فەرامۆشکردنێکی ترسناکدایە کەئەمە وادەکات بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردن تێیدا بەرەو کزیی بڕوات و نەتوانێت شانبەشان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی شارەکانی تردا وەك پێویست بڕوات.

دانیشتوانی شاری سلێمانی لەو بڕوایەدان شەڕی تەکوتەلەکانی نێو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەورەترین زیانی داوە لەم شارە بەتایبەتی لەرووی خاوبوونەوەی ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان تیایدا، چونکە وایدەبینن هەرچی پارەی یەکێتی و وەزارەتی دارایی یەکێتی هەیە لە ناکۆکی باڵ و دەستەکانی نێو یەکێتی دا بەفیڕۆ دەبرێن کە هیچی لێ نامێنێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، لایەنی دەستەڵاتیش خۆی دانی بەوەداناوە ئەم هۆکارە کاریگەریی زۆری هەبووە، تا ئەو ئەندازەیەی بەرپرسانی باڵای یەکێتی بەراشکاوانە دەڵێن: هۆکاری خزمەت نەکردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 22:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شاری سلێمانی پابەندە بە بوونی فرە کوێخایی لە شارەکەدا کەدیسان ئەمیش سەلمێنەری ئەوەیە تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتی ئەم دۆخەیان خوڵقاندووە و لەهەموو ڕوویەکەوە لێی بەرپرسیارن.

گرنگترین کێشەکانی سلێمانی تێکچوونی باری شارەکەیە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە چونکە پرۆژەی کاراو ستراتیژیی لەسلێمانی ئەنجام نادرێت، کێشەی ئاو وکارەبا و ڕێگاوبان هەیە تا کێشەی تەندروستی و قەرەباڵغی و نەبوونی سیستەم و بێکاریی و بڵاوبوونەوەی لەشفرۆشیی و گرانی بازاڕەکان و چالاك نەبوونی دەزگا حکومییەکان.

شیرین کەمال – خاوەنی ئارایشتگای ڕۆزا لەشاری سلێمانی زۆر لەو بێ خزمەتییەی سلێمانی بێزارەو دەڵێت: بەدەم دەڵێن سلێمانی شانی واڵ بالّی وا، شاری شەهیدانە، شاری ڕۆشنبیرانە، شاری هونەرمەندان وشاعیرانە، شاری نازانم نالی و سالم و مەحوی و شێخ مەحمودە بەڵام کەدێتە سەر ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆی شاری دوای دواوەیە، بەقسە پەمیمان دەدەن کەچی دوو پرۆژەی واناکەن کەهەموو خەڵکی شار لێی سوودمەندبێت.

دواتر باسی لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا کرد و وتی: هەرچی درم و نەخۆشیی و پەتای پیسە هەردەبێت لە شارەکەی ئێمەوە سەرهەڵبدات، ئێستا کە پەتای کۆلێرا بڵاوبووەتەوە لەشارەکانی کوردستاندا زیاتر سلێمانی گرتووەتەوە هۆیەکەشی ئەوەیە ئاوی خواردنەوەی شارەکە پیس بووە و تێکەڵ بە ئاوەڕۆی پیسی ماڵان بووە و ئەم نەخۆشییە پیسەی بەدواوە بووەو ئەمەش هەر هەمووی ئیهمالکردنی سلێمانی دەگەیەنێت لەلایەن حکومەتەوە.

شێخ سەلاح شێخ نەجمەدین – خاوەنی نووسینگەی هامنۆ بۆ کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی زۆر تورەیە لەو پەراوێزخستنەی شاری سلێمانی و بە هەڵچوونەوە وتی:من زۆر حکومەتم لەبیردێت لەعێراقدا منداڵ بووم کە عێراق بوو بە کۆماریی لەو کاتەوە هەرچی حکومەتی عێراق هەبووە بە بەرنامە دژایەتی شاری سلێمانی و خەڵکەکەیان کردووە، بەعس پلانی دانابوو خاپوری بکات و خەڵکەکەی بۆ وڵاتانی عەرەبی ڕابگوێزێت، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە حکومەتی خۆماڵی کوردیش هیچ ئیشێکی ئەوتۆی بۆ ئەم شارە نەکردووە لە ئاست خەبات و قوربانیدانی دانیشتوانی شارەکەدا بێت، بەپێچەوانەوە سلێمانی وەك کاك قایەری حاجی عەلی وتی بووە بەدەواری بەر ڕەشەبا و کەس خۆی ناکات بە خاوەنی وکەس نییە بڵێت بۆچی ئەم شارە باجی ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی یەکێتی بدات؟

دەربارەی نەخۆشیی کۆلێراش وتی: من چاوەڕوانی شتی زیاتر و نەخۆشیی زیاتر دەکەم شاری بێ حاکم هەر ئەوە دەرئەنجامەکەی دەبێت و سیل و سەرەتان و ئەیدزو هەرچی نەخۆشیی هەیە لەم شارەدا بڵاوبووەتەوە و بەرپرسەکانیش نە مێش میوانیانەو نە دەربەستی ژیانی خەڵك دێن.

ژیان ئەحمەد – ژمێریار لە کۆمپانیای سینا وەك خۆی دەڵێت لەوەتی سلێمانی دروست بووە ئێمە لەم شارە دەژین، وتی: تا ئیشیان پێمان بوو و دەنگیان پێدا ین دەیانووت سلێمانی دەکەین بەدوبەی هەرئەوەندەی دەنگماندا سلێمانی نەك هەر نەبووە دوبەی بووە بە ئەمازۆن و خەریکە هەموو خەسڵەتێکی شار لەدەستدەدات، خۆ شار هەر ئەوە نییە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تێدابێت، شار دەبێت خزمەتگوزاریی و تایبەتمەندیی هەبێت کە لەگوند جیای بکاتەوە، سلێمانی ئێستا لەبری ئەوەی بۆ پێشەوە بڕوات بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، ئەم کۆلێرایەشی بڵاوبووەتەوە لەکەمتەرخەمیی حکومەتەوەیە چونکە زەمانەتی تەندروستی لەژێر پلەی سفردایە، سلێمانیش بووە بە حاویەی کوردستان هەرچی خواردنی ئیکسپایەرە بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا ساغی دەکەنەوە، من وەك خۆم چاوەڕێی لە کولێرا خراپتر دەکەم، خوا ڕەحمی پێکردووین کۆلێرایە ئەگەرنا ساغمان لێدەرنەدەچوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرکەوت حەمە ساڵح – خاوەنی مینی مارکێتێکە لەشاری سلێمانی و دەڵێت: سلێمانی جاران شاری فەنتازیی و ڕۆشنبیریی بوو کەچی ئەمڕۆ بووەتە شاری کەلاوە و پیس و چەپەڵی و شتی بەسەرچوو، من لەو قەناعەتەدام مەبەستدارانە وا مامەڵە لەگەڵ سلێمانی دەکەن و هەرچەند لای خۆمەوە بیری لێدەکەمەوە شاری سلێمانی لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستی کوردستانەوە بە توندیی سزا دەدرێت!! نازانم بۆ سزا دەدرێت بەڵام بەروونی ئەو سزادانە دەبینین، دەربارەی نەخۆشیی کۆلێرا وتی: سەیتەرەی نەوعی نەماوە، ئاوی شارەکە پیس بووە، خواردنی ئێکسپایەر بازاڕەکانی داپۆشیوە، چاودێریی پزیشکیی نەماوە بەسەر خواردنگەو چێشتخانەکانەوە، هەرکەس بۆ خۆیەتی، قانوون نییە لەکەس بپرسێتەوە بۆیە نەخۆشیی کۆلێرا چییە ماوەیەکی تر نەخۆشیی وا دەردەکەوێت لەسلێمانیدا هێشتا ناوەکەی لە قاموسدا تۆمار نەکراوە.

ناز ئازاد – خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی وتی:شاعیری گەورە کامەران موکری سلێمانی ناونابوو شاری هەڵمەت و قوربانی ئێستاکە سلێمانی بووەتە شاری پیسی و نەخۆشیی و گرانی، گەیشتوومەتە ڕاددەیەك بڵێم دەستێك هەیە لەپشت ئیهمالکردنی سلێمانییەوە، لەلایەك دەڵێن پایتەختی ڕۆشنبیرییە لەلایەکی ترەوە کاولی دەکەن، ئەم کۆلێرایەش کە بڵاو بووەتەوە دەرئەنجامێکی تری ئەو گەندەڵیی و فەرامۆشکردنەی سلێمانییە کە ئازاری هەموو دانیشتوویەکی سلێمانی دەدات، دوو ساڵ لەمەوبەر بە حکومەت وترابوو ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ئارادایە بەڵام گوێیان لێ خەواندبوو بۆیە ناهەقم مەگرن کەدەڵێم دەستێك هەیە لەدژی سلێمانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.